# دوعا کچی من بوو

هۆشەنگ شێخ محەمەد

لەدوای کوشتنی دوعا پێویستە چەند شتێك بڵێین:

1. میری ئێزیدییان( بەوەی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لەسەر ئێزیدییەکانی جیهاندا) داوای لێبوردن لە گیانی پاکی دوعا بکات و ئەم کارە بە تاوان بناسێنێت. نەوەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی.( نزانم ئەی میر بۆم هەیە ئەم داوایەت لێبکەم یان نە؟ ئەگەر ڕەواش نەبێت ، بەڵام خۆ تاوان نیە، ئەگەر تاوانیش بێت خۆ ئەوەندەی کوشتنی دوعا گەورە نیە؟)
2. ئەوانەی دەستییان هەیە لەو کوشتنە جا هەر چەند کەس بن سزا بدرێن.
3. پێویستە دەسەڵاتی کوردی ئەو جورئەتەی هەبێت و بتوانێت یاسا مەدەنییەکان بگۆڕێت و بیَ پێچ و پەنا و شەرم و ترس داوای ئەوە بکات هەموو کەسێك لە کوردستان تەنیا و تەنیا بە ئارەزووی خۆی هاوسەریی خۆی هەڵبژێرێت بیَ جیاوازی دین لە پێش هەموو شتێکەوە، هەموو کەسێك ، کچ و کوڕ بۆی هەبێت ژن بینێت و شوو بکات بەو کەسەی هەڵیئەبژێرێت و دین چ جار نەبێتە هۆی تێکدانی هەڵبژاردنەکانییان.
4. پێویستە دین هیچ پەیوەندی بە هەڵبژاردن نەبێت لە هاوسەرگیریی دا.
5. دین ئەفیونە لەو مەسەلەیەدا پێویستە کەس نە دەسەڵات و نە ڕۆشنبیر و نە خەڵکیش لەو مۆتەکەیە ئەوەندە بترسن. چونکە دوای کوشتن و ڕەجم کردن و بەرد بارانکردن چاوەڕێی چی تر بکەین؟
6. دەبیَ تێشبگەین ئەو کارەساتەی کە کوشتنی دوعای لێکەوتەوە، وەك ئەوە نیە کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، وەك هەندیَ ڕاگەیاندن وایان باس کرد،کە میر چووە باشیکا و بەحزان گووتیان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە و چارەسەری ئەکات.؟؟!! ترحێو لەو ڕاگەیاندنەی نەتوانێت بڵێت: تاوانی کوشتنی دوعا، پێویستە ئەوە باش بزانین ئەوە تاوان بوو،و لە خانەی بیَ ئەخلاقی و جەهل و ئەوپەڕی دواکەوتن و شێواندنی مرۆڤایەتی ببینینەوە.
7. ئەو کوشتنە زادەی لەحزەیەکی کۆمەڵگەیەکی شێواو نیە، بەقەد ئەوەی دەربڕینە لە کەلتوورێکی پیس و پۆخلَ و تا سەر ئێسقان مەست بە خوێنی کچ و ژن و مرۆڤەکان.
8. ئەگەر ئەو کوشتنە تەنیا بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بزانین ئەوە هەڵەین، بەڵکو کێشەیەکی زۆر گەورەی خودی دینی ئێزیدییەکانە کە هیچ جوانییەکی تێدا نەما.
9. لەو کلتورەدا ئەوەمان زانی خۆشەویستی و عەشق بەهیچ شێوەیەك دەرفەتی نیە هەناسە بدات. پێویست ئەکات هەمووومان ئێزدییاتی باشتر بناسین و زۆر بە هەوەس و

جوانی باس لەوە نەکەین ببینەوە بە ئێزیدی یان ڕەچەڵەکی کورد ئەو کلتووڕە قێزەوەنە بێت.

10. بەداخەوە ئەو کوشتنە سەلماندی کە لە زۆر شوێندا کورد بە ئێزیدی و موسڵمانییەوە ئەوەندە وابەستەی تێگەیشتنێکی سەقەتی دین بووە، کە ترپی مرۆڤایەتی لە لا نەهێشتووە.

11. ڕاستە زۆر کەس لە ئێزیدییەکانیش دژی ئەم کوشتنەن، و بەیاننامەی شەرمن و نووسینیشییان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەبێت ئێزیدییەکان ئەوانەی ئەو کارەیان مەحکوم کرد و غەیرە ئێزیدییەکانیش بە چاوێکی قوڵتر و ڕەخنەگرانەترەوە تەماشای دین بە گشتی و دینەکانی خەڵکی کوردستان بکەنەوە.

12. تا ڕەخنە لە دین و لە دەرهاویشتەکانی نەگرین ناتوانین حەیا بە خۆمان و بە شەڕەف و نامووسمان بدەینەوە.

13. زۆر بە راشکاوانە من ئەڵێم دوعا کچی من بوو، خوشکی من بوو، پێشم وایە دوعا لە هەموو ئەو کەسانە رووسوورتر و شەریفتر و پاکتر و بە ئەخلاقترە کە دەستیان لە کوشتنیدا هەبوو. دوعا لەو کەلتووڕە زۆر زۆر _کە بەراورد نەکرێن_ جوانتر و خاوێنترە.

14. هەموو ئەو کچە کوردانەی کە کوژراون بە ناوی دین و پاراستنی نامووسەوە کوژراون. بەو کوشتنانەش ئەبێت لەوە بگەین کە کورد بێ شەڕەفتر و بێ نامووستر بووە.

15. ئەوەی پێی وایە بە کوشتن شەڕەفی ڕژاوی کۆئەکاتەوە ئەوە لە لایەن زۆر کەسی دیکە ئەو کردارە بەو مانایە دێت کە ئەو قاتلە و بکوژە و بێ شەڕەفە.

16. ئەبێت لەبەرامبەر ئەو کوشتنانەی بە ناوی شەڕەفەوە ئەکرێن دەنگانی دیکەش هەبن کە بڵێن نەخیر کوشتنەکان بێ شەڕەفین نەوەك عەشق و سێکس و خۆشەویستی کچ و خوشك و ژنەکانمان.

17. من هاوار ئەکەم، (قەحپەترین) کچی کورد پڕە لە شەڕەف، پڕە لەنامووس. ئەوەی ئەوانەش ئەکوژن ئەوان پڕن لە پیسی و لە نامرۆڤایەتی.

18. پێویستە هەر چ نەبێت لەو قوژبنە گچکانەی نووسین و لە کاتی ئەو کارەساتە گەورانەدا هاوار بکەین. تف لە قاتلەکان، تف لەو کەلتورە پیسەی کە مرۆڤەکان بە ناوی دین و نامووسەوە ئەکوژێت.